

## پاش سێ هەفتە لە بڵاوبونەوەی

# ئێران کتێبێکی مارکیزی قەدەغەکرد




(یادەوەریی دڵبەرە غەمگینەکانی من) کە یەکێکە لە ڕۆمانەکانی گابریێل گارسیا مارکیزی ڕۆماننوسی کۆلۆمبیو لە لایەن کاوە میر عەباسی کراوەبە فارسی .

ئەم ڕۆمانە پاش سێ هەفتە لەبڵاوبونەوەی لەم ڕۆژانەدا لەلایەن وەزیری فەرهەنگو ئیرشادی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە قەدەغە کرا.

ڕۆمانەکە بە تیراژی ٥٥٠٠ دانە لەماوەی ١٥ ڕۆژی ڕابردوودا پڕ فرۆشترین کتێب بووە لە ئێرانداو دەزگای بلاوکردنەوەکەی بڕیاری دابوو چاپی دووەمی بکاتەوە.

ئەم کتێبە لەناوەڕاستی ئەمساڵدا لەلایەن (ئیسماعیل حەمە ئەمین)ەوە بە ناونیشانی (بە یادی سۆزانییە غەمبارەکانم) کراوە بەکوردی و چاپخانەی ڕەنج بەچاپی گەیاندبوو.

## ئافرەتیزم

# نوێترین کتێبی مهاباد قەرەداغی

**سەمیرە محەمەد**



ئافرەتیزم دوایەمین کتێبی نوسەرو لێکۆڵەر مهاباد قەرەداغی-ە، مهاباد لەبارەی ناوەڕوکی کتێبەکەوە لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا بە پەیک-ی ڕاگەیاند « ناوەڕۆکی کتێبەکە وتارو باسی دەروونناسی –کۆمەلایەتیە و هەولێکە بۆ خوێندنەوەیەکی تری مێژوویی فێمینیستی لە کوردستاندا و هەنگاوو قۆناغو دەستکەوت و هەوڵەکانی» لەبارەی هەڵبژاردنی ناونیشانێکی لەو جۆرە مهاباد وتی

«ناونیشانەکەم لەسەر ریتمی فێمینیزم وەر گرتوە تاوەکو وەک چەمکێک خەباتی ئافرەتی کورد بەکارببرێت» .

ئەم کتێبە بە قەبارەیەکی مامناوەندو لە دوو توێی ٢٠٠ لاپەڕەدا ئێستا ئامادەیە بۆ چاپ و بەم زووانە دەبێتە بەرهەمێکی دیکەی چاپەمەنی بواری ژنان لە کوردستان.

## مۆدێرنەو حیکایەت

# کتێبێکی ئاسۆ جەبار

**چۆمان ئەبوبەکر**



ئاسۆ جەبار سەرقاڵی کۆمەڵێک پرۆژەی فەرهەنگییە لەوانە نوسینی ڕۆمانێکو لێکۆڵینەوەیەک لەسەر تیرۆرو بەتەنیشت ئەمانەشەوە کتێبێکی بەناوی (مۆدیرنەو حیکایەت) کە لێکۆڵینەوەیەکی ٣٥٠ لاپەڕەییە لەسەر شیعرەکانی بەختیار علیو شیرکۆ بێکەس ئامادەیە بۆ چاپ، لەبارەی ئەم کتێبەوە ئاسۆ جەبار بە پەیک-ی وت ”لەم کتێبەدا هەولم داوەقسە لەپەیوەندی نێوان حیکایەتو مۆدێرنە بکەم لەلایەکو لەلایەکی تریش کۆمەڵێک تەوەری گرنگ لەناو شیعری کوردیدا وەک تەوەری ئایدۆلۆژیا بخەمە ژێرقسەو باسەوە، بۆ ئەم باسەش ئیشم لەسەر کۆی شیعرەکانی بەختیار علیو ”گۆڕستانی چراکان“ی شیرکۆ بێکەس کردووە“.

## فەیزی نەژادی

# لە دیدارێکی تایبەتی پەیک دا

هونەرمەندی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەشید فەیزی نەژادی لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ پەیک تیشک دەخاتە سەر مێژووی کارکردنی هونەڕی خۆیو ئەو بەرهەمانەی هەنوکە کاریاڕ تێدا دەکاتو دەلێت ”ئێستا من چەندین کارم ئامادەیە، بەلام ئەگەر هاوکاری نەکرێم ناتوانم ئەو کارانەم بەبەرهەم بهێنم“ لە بەشێکی تری ئەو دیدارەدا فەیزی نەژادی لای وایە کە هونەری کوردی لە تاراوگە ” نەیتوانیوە بەر بە کلیپی خراپو ڕایتکردنی بەرهەمەکان بگرێت“ داوای پاراستنی مافی هونەمەندەکانی دوپاتکردەوە لە فرۆشی بەرهەمە هونەریەکاندا. لەژمارەکانی داهاتووی پەیک-دا ئەو گفتوگۆیە دەخوێنیتەوە.



فەیزی نەژادی

### پۆزش

لە ژمارە ٦ ی پەیکدا ناو وێنەی شێوەکار( ئاڤان سدیق) بەهەلە لە بری شێوەکار( ئاڤان عەمەر) بلاوکرابوەوە. ڕاستیەکەی شێوەکار ئاڤان عومەر بانگێشتی فەرەنسا کراوە نەک ئاڤان سدیق.

داوای لێبوردن لە هەردووکیان و لە خوێنەرانی هەفتەنامەکەمان دەکەین .



ئاڤان عومەر

ستاف:
توانا ئەمین، شاخەوان سدیق
دیزاین : دیاری محەمەد
paik_rozhnama@yahoo.com